قوباد تاڵەبانی لەگەڵ وەفدێکی باڵای سەربازی ئەڵمانیا کۆبووەوە

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیران پێشوازیکرد لە وەفدێکی سەربازی ئەڵمانیا بە سەرکایەتی ڤۆلف ئۆلەکساندەر هامپ، فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا لە عێراق و لە کۆبوونەوەی نێوانیاندا تاوتوێی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هەردوولا کرا.

نووسینگەی راگەیاندنی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوەکدا ووتی" لە کۆبوونەوەکدا کە رۆژی سێ شەمە (٢٧ی شوباتی ٢٠٢٤) لە هەولێر بەڕێوچوو و تیایدا بۆنیامین هانا، جێگری کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێم و دابان شدەبێ، جێگری سەرۆکی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم ئامادەی بوون، جێگری سەرۆک وەزیران سوپاسی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەڵمانیای کرد بە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا و رایگەیاند: مەترسی تیرۆر هەشتا مەترسییەکی جدییە و گروپە تیروریستییەکان لە دەرفەتێک دەگەڕێن بە خەڵکخستنەوە و ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە، بۆیە دەبێت هەموو کات لە هەماهەنگی و هاوکاریدا بین بە نەهێشتنی ئەو مەترسییانە.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکدا باسی چێنیەتی بەرەوپێشچوونی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کرا. لەمبارەیەشەوە قوباد تاڵەبانی جێختی کردەوە لەسەر بەردەوامبوونی پرۆسەی چاکسازی بەوجۆرەی کە پلانی بە دانراوە تا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی هێزێکی پیشێیی تێکە و راهێنراو.

هەر لە کەبوونەوەکەدا لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرەم و بەغدا و بەیارەکانی دادگای فیدراڵی و چەند پرسێکی دیکە ئاماژەی بیروڕا کرا.